## ئیبراهیم ئەحمەد
1964 - 1914

لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا ئێمە کۆمەڵێ نووسەر بووین دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد وەستاینەوە. هەندێ لەوانەی بەدەم خواستەکەی بەعسەوە چوو بوون، ئێمەیان ناو نابوو: بەرەی ڕەفزی ساختە. ڕەئووف عوسمان سەر بەو بەرەیەی ئێمە بوو.

پێشتر ڕەئووف عوسمان ڕەخنەیەکی ‹شۆڕشگێڕانەی› لە شیعرێکی ئەنوەر قادر محەمەد گرتبوو، شاعیری ڕەخنە لێ گیراو، لە وەڵامدا نووسیبووی: ئەم ڕەخنەگرە هێشتا لە ژیانیدا سەد مەتر لە وەزیفەکەی دوور نەکەوتۆتەوە. بەوەی ‹١٠٠›ەکەی بە ژمارە و مەترەکەی بە ‹م› نووسیبوو، سەد مەترەکەم: ‹١٠٠م› وەک قولانجێ دەهاتە بەر چاو.

کە ئیبراهیم ئەحمەد لە هەشتی ئەپریلی ئەمساڵدا کۆچی دوایی کرد، ئیدی ڕەئووف عوسمان بە تیڤی و غەزەتە، بە کوردی و عەرەبی، ئەوەندەی زێدەڕۆیی لە ماستاو ساردکردنەوەدا کرد، سەد مەترەکە و ڕەفزی ساختەکەم بیر کەوتنەوە. جێی سەرنجە چونکە تازەکی فێری ئەو هونەرە بووە، بەسەر ڕۆڵەکەیدا نەک هەر زاڵ نییە، بەڵکە لە کاتێکدا کە سەرقاڵی شین و شەپۆڕە، بینەر یان خوێنەری سەربەقوڕ دێنێتە پێکەنین.

ڕەئووف عوسمان ئەوەندە شۆڕشگێڕ بوو، لە ژیانیدا تاقە جارێک بە شورەوی نەگوت: یەکێتی سۆڤیەت، لای ئەو هەر ڕووسیا بوو. دانی بەو وڵاتە زەبەلاحەدا نەدەنا، کەچی بەشێک لە ناوچەی سۆرانی، لە پێناوی دەستکەوتێکی گچکەی وەک سەرۆکایەتی ‹بنکەی گەلاوێژ›دا، پێ ‹دەوڵەت›ێکی زلهێزە! بە چاوپۆشین لەوەی چاوپۆشیکردن لە لەتکردنی باشووری کوردستان، ئاو بە ئاشی داگیرکەراندا کردنە.

ئایا مەحوی شاعیرێکی وەهبییە، یان کەسبی؟ بریا ڕەئووف عوسمان لە بری شیوەنی ساختە، قووڵتر و دوورتر بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە ستراتیژییەدا دەگەڕا.

لە دڵسۆزیمەوە بۆ ماندووبوون، بەخشین و خەباتی هەمە لایەنەی ئیبراهیم ئەحمەد، دەڵێم: بریا لە ١٩٦٤ دا کۆچی دوایی کردبا! تا ئەو وەختە ژیانی لە هەموو بوارێکدا هەر هەڵکشان بوو، لەوە بە دواوە ئەم نسکۆ دەیدایە دەست ئەو گلان.

بەوەی یەکێتی ئیبراهیم ئەحمەدی لە ئێرانەوە بۆ سلێمانی بردەوە و بە زۆرەملێ،


KOÇER www.dengekurd.com

ڕژێمی بەغدا ئاسا، منداڵانی لەبەر ئەو بارانە بۆ پێشوازیی کردن لە تەرمەکەی چەندین سەعات ڕاگرت، سووکایەتی بە خەباتی باوکی گیانیی خۆی کرد.

یەکێتی لە سەر ئاستی جیهان هەڵمەتێکی فراوانی بەڕێوە برد، تا زۆرترین پرسەنامە، کۆ بکاتەوە. ئەوی دەنکە جۆیەکیماڵی پاشای خواردبوو، پێوەندییان پێوە کرد و داوای ناردنەوەی پرسەنامەیان لێ کرد. جێی داخە یەکەمین پرسەنامە وەزیری ئیتیلاعاتی ئێران ناردی. قولاپی دوو پرسەنامەی دیکەیش کە لە هەمان شاری سوێدەوە بە ڕێ کرابوون، لە گەرووی ماسیی سەرنجم گیر بوو، یەکێکیان لە سلێمانی قەسابەوە و ئەوی دیکەیان لە ڕەفیق سابیرەوە بوو. یەکەمیان لە ڕاستگۆییەوە سەرچاوەی گرتبوو، دووەمیشیان لە ناو جەرگەی ڕیاییەوە هەڵقولابوو.

2000. 05. 26


KOÇER www.dengekurd.com